# سعودیە، نیگەرانی یان رێگاگرتن لە دەستووری عیراق؟ .. وەهاب شاە محەمەد

یەک دوو رۆژ لەمەوبەر وەزیری دەرەوەی عەرەبستانی سعودی، سعود الفیسێ لە لێدوانێک لەبەردەم کۆنگرەی ئەمریکی رەخنەیکی زۆری لە سیاسەتەکانی کابینەی بوش گرت لە عیراق، کە گوایە ئەم سیاسەتە لەدوارۆژ دەبێتە هۆی پارچەپارچە بوونی عیراق، ئێرانیش تەنها هێزە لە ناوچەکە کە سوود لەو گۆرانکاریەی عیراق و ناوچەکە دەبینێ.
ئەمیر سعود باسی لەوە کرد کەوا ئێران لە رێگای هاوکاری لایەنە شیعەکانی عیراق و دەست تێوەردانی گەورەی لە ناو عیراق مەترسی سیاسی و جوگرافی گەورە بۆ دووارۆژی عیراق و ناوچەکە درووست کردووە وە مانەوەی عیراق وەک وڵاتێکی یەکگرتوو کەوتۆتە مەترسیەوە.
دیارە ئەم لێدوانانەی وەزیری دەرەوی وڵاتێکی وەک عەرەبستان و نیگەرانی ئەو بۆ یەک پارچەیی عیراق لە کاتێکی وەک ئێستادا بێ هۆ نیە، برواش ناکەم ئەم نیگەرانیە لەم ماوەی یەک ساڵی حوکمی سەرۆک وەزیرانی شیعەی عیراق، الجعفەری وە هاتبێ، بەڵکو دەگەرێتەوە بۆ گۆرانکارێکانی سیاسی ناوچەکە و پرۆسە دیموکراتێکەی ئەمریکا نەخشەی بۆ دارێژاوە.
هەر لەسەرەتای دارشتنی بەرنامەکانی ئەمریکا بۆ رووخانی رژێمی بەعس، وڵاتی سعودی نیگەرانی زۆری بەرامبەر ئەم پیلانانە دەرخست و رازیش نەبوو بەوجۆرە بێ کەبوو. عەرەبستانی سعودی یەکێ بوو لەو وڵاتانەی ناوچەکە کە ساڵی 1991 بە توندی دژایەتی رووخانی بەعسی کرد، بەشداریکردن و رێگادانی بە هێزە بێگانەکان بۆ دەرکردنی هێزەکانی عیراق لە کوێت کرد بە مەرجی مانەوەی سەدام و بەعس، چوونکە رووخانی بەعسی دەبەستەوە بە مەترسێکانی دەسەڵاتگرتنی شیعە لە عیراق لە رێگای ئێرانەوە.
پاش جەنگی کەنداوی دوو، عەرەبستانی سعودی بەهیچ جۆرێک لەگەێ ئەوەدا نەبوو کە رژێمی بەعس لەناوبچێ، یان گۆرانکاری سیاسی لە عیراق دەسەڵاتی هاوسەنگی سیاسی لەم وڵاتە بەم شێوەیە بگۆرێ، هەموو گۆرانکارێکشی دەبەستەوە بە دوورخستنەوەی هێزە شیعێکان لە دەسەڵاتگرتنە دەست و مانەوەی دەسەڵات لە دەستی عەرەبی سوونی. دیارە هۆێ ئەم بۆچوونە دەگەرێتەوە بۆ جۆری دەسەڵاتی عەرەبستانی سعودی خۆی، چوونکە ساڵەهای ساڵە خۆی بە نوێنەری وڵاتانی ئیسلام دەزانێ و رازیش نیە گۆرانکاری سیاسی لەناوچەکە ئەو هاوسەنگیە سیاسیە بگۆرێ. بەرپابوونی شۆرشی ئیسلامی لە ئێران و هاتنە دەسەڵاتی جمهوری ئیسلامی بە رابەرایەتی خومەینی کە شۆرشە ئیسلامێکەی بە رزگارکەر و رابەری هەموو جیهانی ئیسلامی بۆ موسڵمانان ناودەبرد، لەسەر ئایدلۆجیای جەنگ دژ بە ئیستکباری جیهانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکە، ترسێکی گەورەی خستە دێ دەسەڵاتدارنی کەنداو لە سەرووی هەمشیانەوە دەسەڵاتدارانی عەرەبستانی سعودی.
عەرەبستانی سعودی و وڵاتانی کەنداوی تر کە دسەەڵاتدارانی لە مەزهەبی سوونی پێکدێن شۆرشی ئیسلامیان بە گەورەترین مەترسی دەبینی بەرامبەر دەسەڵات و بەرژەوەندێکانیان بۆیە بە هەموو هێزێکی ئابووری و سیاسی پاڵپشتی بەعس و سەدامیان کرد لە ماوەی 8 ساڵی جەنگی کەنداو، هەر ئەوانیش بوون توانیان رۆژئاواو رۆژهەڵات بکەن بە هاودۆست و هاوپەیمانی عیراق، بەتایبەت کاتێ رابەرانی ئیسلامی ئێران هەموو کێشە سیاسی و ئابورێکانی جیهانی ئیسلامیان خستە ئەستۆی ئەمریکاو هێزە جیهانێکان.

11 سیپتیمبەر وەرگیرانیکی گەورەی سیاسەتی ئەمریکای تاک زلهیز بوو لە جیهان و ناوچەکە، بەتایبەت 17 لەو کەسانەی کە بەشداریان لەو کارە تیرۆرستییکەی گرووپی القاعدە کرد خەلکی عەرەبستانی سعودی و هەندی ولاتی کە جاران بە دۆست و هاوپەیمانی ئەمریکا ناودەبران لە ناوچەکە بوون. دەکری 11 سیتیمبەر بە سەرەتای گۆرانکاری سیاسی دوارۆژی ناوچەکە ناوببری، عەرەبستانی سعودیش یەکیک بوو لەو ولاتانەی کە بەر ئەو پرۆسە تازەیەو گۆرانکاریە دوارۆژیکەی ناوچەکە کەوت.

سەرانی کۆنسیرچەتیچی ئەمریکا عەرەبستانی سعودی و سیستیمی سیاسی ناوچەی کەنداویان بە گەورەترین هەرەشە بۆ بەرژەوەندیکانی میلی ئەمریکا ناوبرد، وە داوای گۆرانکاری گەورەی ناوچەکەیان لە رووی سیاسی و جوییولتیکی کرد، ئەم سیاسەتە تازیەی ئەمریکاش نیگەرانی و گومانی گەورەی خستە دی سەرانی عەرەبستان.

پاش و پیش رووخانی بەعس، عەرەبستان یەکیک بوو لەو ولاتانەی کە بە چاویکی گومان و ترسەوە تەماشای هیزە سیاسیکانی تازەی ناو عیراقی دەکرد، بەتایبەت هیزە شیعیکان و کورد، چوونکە ئەم هیزانە بە میکانیزمی پارچەپارچە بوونی عیراق و ناوچەکە ناودەبران و هەمیشە جی گومانی هیزە ناسیونالیست و ئیسلامیکانی سوونی بوون.

عەرەبستانی سعودی باش دەزانی کە هەموو سیستیمیکی سیاسی لەو جۆرەی کە هیزە سیاسیکانی شیعەو کورد کاری بۆ دەکەن، بۆ بەرپاکردنی عیراقیکی فیدرالی دوور لە دەسەلاتی ناوەندی کاریگەر دەبی لەسەر عەرەبستان و ناوچەکە، چوونکە لەولاتانی کەنداو خەلکانیکی زۆری شیعە هەن کە لەهەموو مافیک زەوتکراون و تاکو ئیستاش بە هیچ جۆریک ریگای بەشداریکردنیان لە بەریوەبردنی ئەو ولاتانە پینەدراوە.

ولاتانی کەنداو، لەسەرووی هەمشیانەوە عەرەبستانی سعودی هەلبژاردنەکانی داهاتووی عیراق و دەستوورە تازەکەی بە گەورەتریین هەرەشە و مەترسی بۆ دەسەلاتی سیاسی و ئابووری دەیەها سالی خۆیان دەزانن، وە لەو باوەرەشدان کە پرۆسە تازەکەی ئەمریکا تەنها سەرەتایکە بۆ گۆرانکاریە گەورەکەی ناوچەکە کە عەرەبستانیش یەکیکە لەو ولاتانەی کە لە نۆرەتدایە تیای.

سەرانی عەرەبستان دەستیوەردانی ئیران لە کاروباری ناو عیراق بە باشتریین هۆ دەزانن بۆ ترساندنی ناوچەکەو جیهان، چوونکە ناتوانن بیانووی دیموکراسیکەی عیراقی گرتۆتەوە بکەن بە بیانووی ترسەکانی دواۆژ، چوونکە بیانووی لەوجۆرە لە هیچ جیک گوی لیناگیری، بەتایبەت لە دنیای رۆژئاوای دیموکرات.

دەستووری تازەی عیراق کە بریارە لە ناوەراستی مانگی داهاتوو دەنگی لەسەربدری، کە کورد وشیعە بە گەورەترین لایەنانی سوودمەند و سەرکەوت و ناودەبرین، لایەنی سوونی لەگەل هیزە سیاسیکانی تری ناسیونالیستی عەرەبیش بە گەورەتریین دۆراووی ئەو دەستووور و گۆرانکاریانە لەقەلەم دەدرین، نیگەرانی و ترسی گەورەی خستۆتە دی رژیمەکانی کەنداو لەسەرووی هەموشیانەوە دەسەلاتدارانی عەرەبستانی سعوودی.

لیدوانەکانی عەرەبستانی سعودی لە کاتیکی وەک ئیستادا، دەکری ببەستریتەوە بە پرۆسە سیاسیکەی ناو عیراق و هەولەکانی ئیران بە وەدەستهینانی چەکی ئەتۆمی. ئیران ماوەیکە بەوە تاوانباردەکری کە بە نیازی بەرهەمینانی چەکی ئەتۆمیە، بۆیە لیدوانەکەی سعود الفیسل دەکری پەیوەندی بەو هەولانەی ئیرانیش بیت بۆ بەردەوام بوون لەسەر پیشخستنی بەرنامە ئەتۆمیکەی.

عەرەبستانی سعودی باش دەزانی کە بەرنامە ئەتۆمیکەی ئیران نیگەرانی گەورەی بۆ ولاتانی ناوچەکە بەگشتی و رۆژئاوا بە تایبەتی درووست کردووە، بۆیە تاوانبارکردنی ئیران لەدەستیوەردان لە کاروباری ناو عیراق دەکری باشترین ریگابی بۆ ریگاگرتن لەو

پرۆسە سیاسیەی ناو عیراق کە هیزە ئەسلامیکانی شیعە بەشیکی سەرەکین لیّ وە پەیەوەندیکی کۆن و ستراتیجیان لەگەڵ ئیران هەیە.
لیدوانەکانی پاشای ئوردن، عبداللە پیش ماوەیک لەمەوبەر کە گوایە خەتیکی شیعە خەریکە لەناوچەکە درووست دەبیت، وە ناوچەکە دەخاتە پیش مەترسی و هەرەشەی گەورە، دەکریّ بە هەمان بییری لیدوانەکەی سعود الفیسل دابنریّ، چوونکە هەردوو وڵات هاوپەیمانی گەورەی سەدام و بەعس بوون لە 35 ساڵی رابردو. ئوردن بەنەمانی بەعس لە عیراق گەورەترین زیانی ئابووری لیکەوت، کە ساڵەهای ساڵ بوو سەرمایەو نەوتیکی خۆرای لە بەعسی عیراق دەست دەکەوت.
هەردوو رژیمی ئوردن و سعودیە سەر بە مەزهەبی سوونین کە خۆیان بە هاوپەیمان و هاوبییری بەعسی سوونی عیراق دەزانی، بۆیە لەناوچوونی ئەو بییرە بەعسیە سوونیەی عیراق دەکریّ بە تیکدانی ئەو بازنە سیگۆشەیە بەهیزەی ناوچەکە دابنریّ کە ساڵەهای ساڵ بوو دژایەتی هاتنەپیشەوەو بەشداری کردنی شیعەکانی لە دەسەڵاتی سیاسی.
ئەمرۆ پرۆسە دیموکراتیکەی ناو عیراق، کە خەریکە دەبیتە ئەمری واقیع و بووەتە پردی بە دیموکڕاتی کردنی ناوچەکە، رژیمەکانی کەنداو ناوچەکەی خستۆتە لەرز، چوونکە ئەم پرۆسە دیموکراتیە کاردانەوەی یەکسەری لەسەر میلەتانی ناوچەکە هەیە، رژیمەکانی ناوچەکەش لەوە زیاتر ناتوانن بە بیانووی کیشەی ئیسرائیل و فەلەستیین، یان هەرەشەکانی دەرەکی مانەوەی دەسەڵاتیانبکەن بە بیانووی بەردەوامی و میلەتانی خۆشیان وەک ساڵانی پیش لە بەشداریکردن لە دەسەڵات دوورخەن.
وەهاب شاە محمد
Shah. wahab@gmail. com